بەیاننامەی لێژنەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە  بێسەروشوێنکردنی بەزۆرەملێ لە کۆتایی  سەردانەکەیان بۆ عێراق:

ئەمڕۆ ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، لێژنەی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ کۆتایی بە سەردانەکەی بۆ عێراق دەهێنێت. ئەمە دووەم سەردانی لێژنەکەیە بۆ وڵاتێك بەپێی مادەی ٣٣ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پاراستنی هەموو کەسەکان لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ. بەپێی ئەم بڕیارە، ”ئەگەر لێژنەکە زانیاری متمانەپێکراو وەربگرێت کە ئاماژە بەوە بکات کە دەوڵەتێکی ئەندام بە شێوەیەکی جددی بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێشێل دەکات، دەتوانێت دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ وڵاتی ئەندام، داوا لە یەکێك یان زیاتر لە ئەندامەکانی بکات کە سەردانێك ئەنجام بدەن و ڕاپۆرتێك بەبێ دواکەوتن پێشکەش بکەن“.

لێژنەکە دەستەیەکی بەکۆمەڵە کە لە ١٠ پسپۆڕی سەربەخۆ پێکهاتووە، لەلایەن وڵاتانی ئەندامی ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەس لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ دەستنیشانکراون وە ڕۆڵی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە.

بۆ مەبەستی سەردانەکەی، لێژنەکە سێ ئەندامی خۆی دەستنیشانکرد: باربارا لۆچبیلەر و محەمەد ئایات کە هەردووکیان بڕیاردەری تایبەتن بۆ عێراق و جێگرانی سەرۆکی لێژنەکەن، لەگەڵ کارمێن ڕۆزا ڤیلا کوینتانا سەرۆکی لێژنەکە. شاندەکە بە یاوەری سکرتێری جێبەجێکاری لێژنەکە: ئەلبانی پرۆفێت-پالاسکۆ بوو وە لەلایەن (یونامی) یەوە هاوکاری لێژنەکە کرا. بۆیە شاندەکە بەناوی لێژنەکەوە سوپاسی یونامی دەکات بۆ پشتیوانی لە ڕێکخستن و پەرەپێدانی سەردانەکە.

لێژنەکە جەخت لەسەر گرنگی ڕازیبوونی  عێراق بۆئەم سەردانە  لە تشرینی دووەمی ٢٠٢١دا دەکاتەوە. ئەمە دەربڕینێکی ڕوونە بۆ کراوەیی وڵات بۆ لێکۆڵینەوە و پشتیوانی نێودەوڵەتی لەبەردەم نیگەرانییەکی زۆردا.

بەر لە هەموو شتێك، شاندەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە تەواوی ئاگاداری ئەو ئالنگارییە جددیانەیە کە وڵاتی ئەندام ڕووبەڕووی دەبێتەوە بەهۆی شەپۆلە جۆراوجۆرەکانی دڕندەیی، لەوانەش دیارنەمان و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ کە هەموو گەلانی عێراق دووچاری بوونەتەوە.

سوپاس و پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەو هاوکاری و ئاسانکاریانەی کە وڵاتی لایەن پێش سەردانەکە و لە کاتی سەردانەکەدا پێشکەشی کردووین، کە ڕێگەپێیداوین لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەیوەست بە پرسی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ کۆببینەوە، چ لەسەر ئاستی فیدراڵی و چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە . لەو چوارچێوەیەدا سەردانی ئەنبارو بەغدا و هەولێرو موسڵ و شەنگالمان کرد. ٢٤ کۆبوونەوەمان لەگەڵ زیاتر لە ٦٠ لایەنی دەسەڵات و چوار وەفدی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە پارێزگاکانی سەردانکراو ئەنجامداوە، هەروەها حەوت دیدارمان هەبوو لەگەڵ ١٧١ی هەڵدانەوەی یەکێك لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان بووین، هەروەها  سەردانی ناوەندێکی کاتی ناسینەوەی دی ئێن ئەیمان کرد لە شنگال. هەروەها سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی دادوەری و چوار شوێنی بێبەشکردن لە ئازادی (گرتووخانە)مان کرد. هەروەها شاندەکە چەندین کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بە ئامادەبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و نوێنەرانی دەوڵەتانی لایەنەکان و هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بەشدار لە پاراستن لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ ئەنجامدا.

ڕاپۆرتی تەواوی سەردانەکە لەلایەن دەستەی لێژنەکەوە لە ٢٤ەمین دانیشتنیدا کە لە ١٣ تا ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٣ لە جنێڤ بەڕێوەدەچێت و تاوتوێ دەکرێت و پەسەند دەکرێت.

شاندەکە ئەم سەردانە بە هەنگاوێکی نوێ دادەنێت  لە کارلێکی لێژنەکە لەگەڵ عێراقدا . لە ڕێگەی ئەو ڕێکارانەی کە لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە، لێژنەکە پێشتر پێشنیاری تایبەتی بۆ وڵاتی ئەندام ناردووە سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بیگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە. یەکەم: بە بۆنەی پشکنینی ڕاپۆرتەکانی وڵات و بەدواداچوونی هەریەکەیان لە ساڵانی ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠٢٠ و ٢٠٢٢. دووەم: لە ڕێگەی ڕێکاری کردەوەی بەپەلە کە بەپێی ئەو ڕێکارانە، تا ئەمڕۆ، لێژنەکە ٥٥٥ کەسی

تۆمارکردووە وەك کەیسی کەسانی بێسەروشوێنکراو و داوای لەووڵاتی ئەندام کردووە کە ڕێوشوێنی دەستبەجێ بگرێتەبەر بۆ گەڕان بەدوایان و لێکۆڵینەوە لە دیارنەمانی گوماناوی زۆرەملێیان.

بە درێژایی ئەم پرۆسەیە، ووڵاتی ئەندام ئامادەیی خۆی بۆ کارکردن لەگەڵ لیژنەکەدا نیشانداوە. بەڵام بەداخەوە لە ئەمڕۆوە ئاستی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانمان زۆر کەم و کوڕی ماوەتەوە و وەڵامدانەوەی ووڵاتی ئەندام بۆ کردەوە بەپەلەکانی لیژنەکە جێگەی ڕەزامەندی نین. هەنگاوی ئەرێنی نراوە، وەک پێکهێنانی لیژنەی نێوان وەزارەتەکان بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی وەزارەتی داد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە کەسانی بێسەروشوێنکراو، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەڕێگەی ڕێکاری بەپەلەی لیژنەکەوە ڕاپۆرت کراون، و پەسەندکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی.

لەم چوارچێوەیەدا، شاندەکە نیگەرانە لە نارەنیەك سەبارەت بە چەمکی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ. وەک پێشتر لەلایەن لیژنەکەوە لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢٢دا ئاماژەی پێکراوە، نەبوونی پێناسەیەکی ڕوون لە یاسای ناوخۆییدا بۆ بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ وەك تاوان جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە.

شێواز و ئامانجەکانی ئەو کردارانەی پەرەیان پێدراوە هەرچییەك بێت، کارکردن لەسەر تاوانێك کە لە چوارچێوەی یاسایی نیشتمانیدا بوونی نییە، وەهمییە. بۆیە شاندەکە بانگەوازی لیژنەکە دووپات دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەپەلە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ وەك تاوانێکی سەربەخۆ لە یاسای نیشتمانیدا جێگیر بکرێت  بەبێ گوێدانە پرۆفایلی نەتەوەیی و ئایینی قوربانییەکان یان بەروار و شوێنی تاوانەکە.

بێدەنگی نۆرماتیڤی ئێستا ئاستێکی بەرزی سەرلێشێواوی دروست دەکات. لەو پێوەندییەدا، شاندەکە بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرینەی ئەوانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا سازکراوە ئاماژەیان بە زاراوەی "ونبوو" کردووە. لە کاتێکدا کە بەڕاستیبێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ لەم تێڕوانینەدا هاتووە، بەڵام ئەم دۆخانەش  دەگرێتەوە کە لە حاڵەتەکانی بێسەروشوێنبوونەوە  بەهۆی کارەساتی سروشتییەوە ڕوودەدات تا ئەو حالەتانەی بێسەروشوێنکردن کە دەگات بە یاستی تاوانی دژی مرۆڤایەتی. لەم نێوەندەدا، زاراوەی "ونبوون" هەمیشە ئاماژەیە بۆ ئەو کردەوانەی مرۆڤ ئەنجامیانداوە، لەکاتێکدا بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو کەیسانەی کە لەلایەن کارمەندانی دەوڵەتەوە یان لەلایەن کەسانێک یان کۆمەڵێک کەسەوە ئەنجامدراون کە بە مۆڵەت و پشتیوانی یان ڕەزامەندی دەوڵەت کاردەکەن.

لە ئەنجامدا لە ژێر چەمکی "ونبوون"دا، ناتوانرێت حاڵەتەکانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ دەستنیشان بکرێت و دەسەڵاتداران پشت بە زانیارییە پێویستەکانەوە ناگرن بۆ دامەزراندنی ستراتیژیەکی گونجاو بۆ بنبڕکردن و ڕێگریکردن لەم تاوانە.

لێرەدا شاندەکە سوپاسی ووڵاتی ئەندام دەکات بۆ ئەو ئاماژانەی کە کردوویەتی بە ٥٥٥ کردەوەی بەپەلە کە بەپێی مادەی ٣٠ی ڕێککەوتننامەکە تۆمارکراون کاتێک داوای لێدەکرێت ژمارەی تایبەتی حاڵەتەکانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ پێشکەش بکات. بەڵام شاندەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەم کەیسانە ناتوانرێت وەك ڕەنگدانەوەیەکی گشتی لە واقیعەکەدا هەژمار بکرێن. شاندەکە ئەوە داخاتەوە یاد کە کە گروپی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و نائیرادی لە ساڵی ١٩٨٠ تا ٢٠١٣ کۆی  ١٦٥٧٥ حاڵەتی ناردووە بۆ عێراق.هەروەها ئاماژەش بە سەدانتاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ دەکات کە لە کاتی سەردانەکەیدا لە پارێزگا جیاوازەکانەوە پێیگەیشتووە.

شاندەکە ئاگاداری دوا هەموارکردنەکانە کە لە ڕەشنووسی یاسای بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێدا هاتووە. بەڵام نیگەرانییە لەوەی ئاستێکی بەرزی سەرلێشێواوی لەنێو ئەو لایەنانەدا زاڵە کە پێویستە ڕاوێژیان پێبکرێت سەبارەت بەو جۆرە هەموارکردنانە سەبارەت بەو کۆپیەی کە باس دەکرێت. ئەم سەرلێشێواوییە بەهۆی بوونی پرۆژە یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار کە لە ئێستادا باسیان لێدەکرێت وەك (پرۆژە یاسای ونبوون و چاکسازی لە یاسای سزادان) زیاتر دەبێت.

پێویستە  ووڵاتی ئەندام  بەپەلە ئەو شێوازە دیاری بکات کە دەیەوێت بەردەوام بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم چاکسازییە یاساییە بە تەواوی پابەندە بە ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ[1]. ئەم پرۆسەیە ناتوانرێت زیاتر

---

[1] لەو ڕووەوە، شاندەکە بە تایبەتی سەرنجی دەوڵەتی ئەندام ڕادەکێشێت بۆ بڕگەکانی ٦، ٧، ٩(ب)، ١٠، ١١ و ١٥ی تێبینییە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠.(CED/C/IRQ/OAI)

دوابخرێت: چونکە پابەندبوونێکی ئاسایی ووڵاتی ئەندام پێکدەهێنێت. مەرجێکی سەرەتاییشە بۆ کاریگەری و کارایی هەر ستراتیژی و سیاسەتێکی داهاتوو کە پەیوەندی بە شوێنکردنی زۆرەملێیەوە هەبێت.

ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان ناروون و و جێی متمانە نین. ئەو ژمارانەی کە بە فەرمی لەلایەن ووڵاتی ئەندامەوە گواستراونەتەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەن کە کۆی گشتی "خەڵکی ونبوو" لە ساڵی 1968ەوە دەگاتە 250،000 بۆ 1,000,000کەس.

شاندەکە سەرنجی ئەو داتابەیسە دەدات کە لم دامودەزگایانەدا هەن کە سەردانیان کردوون . سەرەڕای ئەوەش، ئەمانە هەمیشە ئەو زانیاریە تایبەتانە ناگرێتەوە کە پەیوەندییان بە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێیەوە هەیە، یان تاوانەکان وەك "یەکسان بە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ" هەژمار بکرێن. جگە لەوەش ئەم تۆمارانە هەمووی بەیەکەوە گرێدراون.

لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە ووڵاتی ئەندام بەپەلە تۆمارێکی ناوەندی پەیوەست بەیەکەوە بۆ کەسانی بێسەروشوێنکراو دابنێت. ئەم تۆمارە دەبێت ببێتە هۆی دەستنیشانکردنی بێسەروشوێنە زۆرەملێکان و دۆکۆمێنتکردنیان، هەروەها دەستڕاگەیشتنێکی کاریگە بە زانیارییەکان لەلایەن هەموو ئەو دامەزراوانەی کە بەرپرسن لە گەڕان بەدوای کەسانی بێسەروشوێنکراو و لێکۆڵینەوە لە دیارنەمانی گوماناوییان.

شاندەکە پێشوازی لەو پرۆژانە دەکات کە ئێستا لەژێر گفتوگۆدان بۆ دامەزراندنی تۆمارێکی ناوازەی سەرجەم کەسانی بێسەروشوێنکراو. ئەم جۆرە تۆمارە دەبێت ناوەندی و کاریگەر بێت . هەروەها، ڕێگە بە بەستنەوەی زانیارییە بەردەستەکان دەدات لە نێوان هەموو دەسەڵات و دامەزراوە بەرپرسیارەکان؛ وببێتە هۆی ناسینەوەی هەموو حاڵەتە گوماناوی و پشتڕاستکراوەکانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، ئەمە جگە لەو شێوازانەی کە هەن.

سەبارەت بەم پرسە، شاندەکە سەرنجی ئەو بێسەروشوێنانەی داوە کە لە سەردەمی بەعسدا لەنێوان ساڵانی (١٩٦٨-٢٠٠٣) لە عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون؛ لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٣ تا پێش داعش؛ لە کاتی داگیرکاری داعش و و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی داعش لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)؛ و بە بۆنەی خۆپیشاندانەکانی دژە حکومەت و پاشهاتەکانی ساڵی ٢٠١٩. سەرەڕای ئەوەش، شاندەکە زانیاری نیگەرانکەری وەرگرتووە سەبارەت بە شێوازەکانی دیارنەمان و بێسەروشوێنکردنی گوماناوی زۆرەملێ کە لە ئێستادا لە پارێزگا جیاوازەکاندا ڕوودەدەن، کە لە یەک کاتدا کاردەکەن و هەندێکجار سیناریۆی هاوکاری لە نێوان لایەنە حکومیەکان و لایەنە ناحکومیەکانن نیشان دەدەن. لەوانەش:

- بانگێشەی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێی منداڵان، بەتایبەتی بەرەچەڵەك ئێزدی، کە دوای دەستدرێژیکردنە سەر دایکیان لەلایەن داعشەوە لەدایک بوونە: شاندەکە ئاگادارکرایەوە لەو حاڵەتانەی کە دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق، دایکەکان ناچاربوونە منداڵەکانیان لە خانەی هەتیوەکان بەجێبهێڵن بەشێوەی کاتی بە مەبەستی وەرگرتنەوەیان. بەڵام کاتێك گەڕاونەتەوە بۆ خانەی هەتیوەکان، بە دایکەکان دەڵێن کە منداڵەکەیان "بەخشراوە" یان (فرۆشراوە) بە خێزانێکی دیکە، گوایە ئەم کارە بە بەشداری ڕاستەوخۆی بریکارەکانی حکومەتەوە ئەنجامدراون.
- حاڵەتەکانی بێسەروشوێنبوونی دوای بازرگانیکردن بە مرۆڤ، بەتایبەتی ژنان و کچان لەلایەن چەند تۆڕێکەوە کە هەندێک لە بریکارەکانی حکومەت تێیدا بەشدارن.
- بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێیبانگێشەبۆکراوی کەسەکان دووا بە دوای دەستبەسەرکردنی نایاسایی یان دەستبەسەرکردنیان لە شوێنێکی نادیار. لەم حاڵەتانەدا بەزۆری کەسێك بەبێ فەرمانی دەستگیرکردن دەستبەسەر دەکرێت و دواتر خێزانەکەی هیچ وەڵامێکیان دەست ناکەوێت کاتێک پرسیار لە شوێنەکەی دەکەن.

سەبارەت بە پرسی بێسەروشوێنکردنی بانگێشەبۆکراو لە شوێنەکانی دەستبەسەرکردندا، شاندەکە جەخت لەسەر پێویستی بەپەلە دەکاتەوە کەووڵاتی ئەندام تۆمارێکی ناوەندی هەموو شوێنەکانی بێبەشکردنی ئازادی کە لە ووڵاتدا هەن، بەبێ گوێدانە ئەوی کە سەر بە چ دامەزراوەیەکن[2].

هەروەها شاندەکە پێی وایە کە دەوڵەتی ئەندام دەبێ دەستبەجێ گروپێکی کاری سەربەخۆ دابمەزرێنێت کە بەرپرسیاربێت لە پشکنین و بەدواداچوون بە شێوەیەکی سیستماتیکی هەروەها بەرپرسیاربێت لە تۆمارەکانی هەموو شوێنەکانی بێبەشکردن لە ئازادی لەگەڵ

[2] لە ئێستادا شوێنەکانی دەستبەسەرکردنی عێراق پشت بە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی داد، وەزارەتی بەرگری، یان لەسەر سەرۆکوەزیران (بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، خزمەتگوزاری ئاسایشی نیشتمانی و دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق) بەستراوەتەوە.

ناوی هەموو دەستگیرکراوەکان. بەم شێوەیە، ئەم گروپی کارە دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی لە شوێنەکانی دەستبەسەرکردندا ئامادەن بەڕاستی تۆمارکراون و خێزانەکانیان یان کەسوکارەکانیان ئاگاداری شوێنی ئەوانن.

سەبارەت بەوە وە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تۆمەتە بەردەوامانەی پەیوەستن بە بوونی شوێنی دەستبەسەرکردنی نهێنی و ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە تۆمەتانە لەلایەن وولاتی ئەندامەوە، شاندەکە ئەو پێشنیارە دووپات دەکاتەوە کە لە تێبینییە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠دا هاتووە سەبارەت بە پێویستی "ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بەپەلە و سەربەخۆ و بێلایەن لە هەموو تۆمەتەکانی دەستبەسەرکردنی نهێنی[3] . بە لەبەرچاوگرتنی ئاستەنگەکانی گەیشتن بەو جۆرە شوێنانە، شاندەکە بانگهێشتی وولاتی ئەندام دەکات بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن کە لەلایەن کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆوە ئەنجام بدرێت کە بتوانێت پسپۆڕانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کۆبکاتەوە. ئەم جۆرە کۆمیسیۆنە دەتوانێت ئەرکی دۆزینەوەی ڕاستییەکان پەرەپێبدات بۆ پشتڕاستکردنەوەی بوونی شوێنی دەستبەسەرکردنی نهێنی لەو شوێنانەی کە گوایە لەوێ بوونیان هەیە، بە بەکارهێنانی هەموو ئامرازە تەکنیکییە پەیوەندیدارەکان، وەک وێنەی مانگی دەستکرد و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

تایبەتمەندیی قوربانییەکان و شێوازەکان و چوارچێوەی کاتیی و شوێنی ڕوودانی ئەو بێسەروشوێنە زۆرەملێیانە هەرچییەك بێت، شاندەکە داوای لە وولاتی ئەندام کردووە کە زانیاری سەبارەت بە ژمارەی سکاڵای دادوەری وەرگیراوو سزا پەسەندکراوەکانەوە بدات. بەداخەوە کە وولاتی ئەندام هێشتا ئەم زانیاریانەی نەداوە بەڵام لێژنەکە متمانەی هەیە کە بەم زووانە ئەو زانیاریانە دەدات.

ئەم زانیاریانە بۆ شیکردنەوەوئالنگاریەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لە بانگێشەکانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ زۆر گرنگن. لەو پێوەندییەدا، شاندەکە پێشەکییەکەی( دیباجە) ڕێکەوتنەکە بەبیر دەهێنێتەوە کە تێیداوولاتانی ئەندام جەخت لەسەرسەر ئیرادەی خۆیان دەکەنەوە "بۆ ڕێگریکردن لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و بەرەنگاربوونەوەی بێ سزایی بەهۆی تاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ". ئەم ئامانجە هاوبەشە پێویستی بە پابەندبوونی ڕۆژانەی هەموو لایەنەکان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاکتەرەکانی دەرچوون لە سزادان کە هەن، وەک ئەوانەی کە لەلایەن شاندەکەوە لە کاتی سەردانەکەدا دەستنیشانکراون.

بەم شێوەیە، کاتێک خێزان یان کەسوکاری کەسێکی بێسەروشوێنکراو بڕیار دەدەن سکاڵا پێشکەش بکەن، ڕووبەڕووی چوارچێوەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی زۆر ئاڵۆز دەبنەوە کە لەژێر دەسەڵاتی زیاتر لە ١٣ دامەزراوەدایە، چ لە عێراقی فیدراڵی و چ لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەم چوارچێوە دامەزراوەییە ئاڵۆزە سەریەککەوتنێکی جددی لە لێهاتووییەکان دروست دەکات کە کاریگەری لەسەر دەستڕاگەیشتن و کارایی سیستەمەکە هەیە. جگە لەوەش، چوارچێوەی یاسایی دۆخەکە ڕوونی ناکاتەوەو دیاریش نەکراوە کە چۆن و کام لایەن لە بیسەروشوێنبوونی کەسەکە ئاگادار بکەنەوە .

سەرەڕای ئەوەش، هاوکاری نێوان دامەزراوەکان و هەماهەنگی ئەو دامەزراوانەی کە بەشدارن لە پرسەکانی پەیوەست بەبێسەروشوێن بوون هێشتا پێویستی بە باشترکردن هەیە. پەیوەندییەکانیان بەزۆری لە ڕێگەی پۆستەوە ئەنجام دەدرێت کە لەوانەیە چەند ڕۆژێك تا چەند هەفتەیەک بخایەنێت. زۆرێك لە داواکارییەکان بۆ زانیاری و پشتگیری یان هاوکاری بەبێ وەڵام دەمێننەوە. ئەمەش کاریگەرییەکی تەواو لەسەر پەرەپێدانی ڕێکارەکان دەبێت.

هەروەها پێکهاتەی ئێستای چوارچێوەی دامەزراوەیی برەو بە دەرچوون لەسزا دەدات: لێهاتوویی هەر دامەزراوەیەك زۆرسنووردارە، و لێکدانەوەی تەواوی داینامیکی کارکردن (منعزلە). لە ئەنجامدا دامەزراوە جیاوازەکان ڕێبازێکی بەشبەشیان لە پرۆسەکان گرتۆتەبەر. بۆ نموونە لە پێشەکی یاسای کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ئاماژە بە پێشکەشکردنی بەڵگەی تاوانکاری کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە کۆکراونەتەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئاسانکاری پرۆسەی بەرپرسیارێتی تاوانباران لە تاوانەکانی جینۆساید و ناشتنی نایاسایی و تاوانەکانی دیکە کە بەرامبەر قوربانییەکان ئەنجام دەدرێن. بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەردانەکەدا کۆکراونەتەوە، بەدەگمەن ئەو بەڵگانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە کۆکراونەتەوە لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری و دادگاییکردنی تاوانباراندا بەکارهێنراون.

دەربازبوون لە سزا زیاتر بەهۆی نەبوونی سەرچاوە مرۆییە ڕاهێنراوەکانی پێویست و سنووردارบوونی پشتیوانی داراییەوە ڕوودادات. بۆ نموونە، بەڕێوەبەرایەتی ڕزگاربووانی ئێزدی کە بەم دواییە دامەزراوە، هێشتا حساب بۆ ئەو بودجە و سەرچاوە مرۆییە ناکات کە پێویستی پێیەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەی. هەروەها سەرچاوە مرۆیی و داراییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕی بەکۆمەڵ و دامەزراوەی

[3] CED/C/IRQ/OAI, paras. 16, 17

پزیشکی دادوەی بەشێوەیەکی ئەوتۆ نین. وتاردەرانی جۆراوجۆر تیشکیان خستە سەر گرنگی بەهێزکردنی توانای نیشتمانی بۆهەڵدانەوەو دەستنیشانکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان. شاندەکەش هەمان نیگەرانیی هەیە، بەتایبەتی کە ڕەنگە شوێنی دیکە بدۆزرێتەوەو هەریەکەیان ڕەنگە گۆڕی بەکۆمەڵی جۆراوجۆریان تێدابێت، لەگەڵ چەندین روفاتی دیکە. پێویستە ئەولەویەتێکی بەپەلە بدرێت بە بەهێزکردنی توانای نیشتمانی، لەگەڵ پێشخستنی بەرنامەی ڕاهێنانی تایبەتمەند و ڕاسپاردنی سەرچاوەی ماددی و دارایی پێویست وە پێویستە پشتگیری نێودەوڵەتی لەو بوارەدا زیاتر بەهێز بکرێت.

دامەزراوەکانی تریش دەبینن کە کارەکانیان بەهۆی بلۆککردنی ڕێکارەکانەوە ڕێگری لێدەکرێت. بارودۆخی ئێستای کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤی عێراق لەو ڕووەوە ئاشکرایە: ساڵێکە کۆمسیۆنەکە دەستەی کۆمسیارانی نییە. شاندەکە پێی وایە کەووڵاتی ئەندام دەبێت بەبێ دواکەوتن دەستەیەکی نوێ کاندید بکات بۆ ئەوەی کۆمیسیۆن بتوانێت بە تەواوی پابەند بێت بە ئەرکەکانی.

لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی ئاڵۆزدا، قوربانییەکان یەکەم کەسن کە بارگرانیان دەکەوێتە سەر. ئەوان ڕووبەڕووی مەرجی ئیداری زۆر زەحمەت دەبنەوە بۆ داواکردنی مافەکانیان. شاندەکە نیگەرانە لەوەی کە بنەماڵەی کەسانی بێسەروشوێنکراو سەرەتا بڕوانامەی مردن بە شەهیدبوون وەردەگرنەوە پێش دەستپێکردنی ڕێکارەکان، تەنانەت کاتێك هێشتا هیواخوازن کە ئازیزانیان لە ژیاندا مابن. سەرەڕای ئەوەش، زۆربەی قوربانییەکان تیشکیان خستە سەر ئەو سەختییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بۆ پارەدانی بڕوانامەکە لە کاتێکدا کە لە دۆخێکی زۆر ناجێگیردا دەژین.

بە هەمان شێوە شاندەکە نیگەرانە لەوەی کە پشکنینی ئەمنی پێویستە بۆ داواکاری لە گەڕان بەدوای کەسێکی بێسەروشوێنکراو یان دەستڕاگەیشتن بە مافە فراوانەکانی ژێر پۆلی شەهید. بەم شێوەیە ئەگەر کەسی بێسەروشوێنکراو لە یەکێک لە "لیستی داواکراوەکان"دا بێت، خێزان و کەسوکاری هەموو شایستەکان لەدەست دەدەن. ئەم جۆرە پراکتیزەیە برەو بە هەستی جیاکاری و تۆڵەسەندنەوە دەدات.

هەروەها هەستکردن بە جیاکاری لە ئەنجامی نەبوونی یاسایەکی یەکگرتوو بۆ ڕێکخستنی مافی خێزانی کەسانی بێسەروشوێنکراوەوە دێتە ئاراوە. بەڵکو کەسانی ونبوو بەپێی بارودۆخی دیارنەمانیان لە زنجیرەیەك لە یاسا و سیاسەت و داب و نەریتیدا پۆلێن دەکرێن. خێزانەکان بەپێیجۆری خزم و کەسە بێسەروشوێن بووەکانیان مافی جیاوازیان هەیە.

هەروەها شاندەکە نیگەرانە لەو دووبارە بوونە قوربانیەی کە لە ئەنجامی سیستەمەکەوە دێتە ئاراوە. قوربانیانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ دەبێت دۆسیەکەیان خۆی ئاراستەی بە تێکڕا حەوت دامەزراوە بکەن بۆ دەستپێکردنی ڕێکارە بنەڕەتییەکان. لە هەریەکێك لەم دامەزراوانەدا قوربانی دەبێت فۆرماتێکی جیاواز تەواو بکات و بەڵگەنامەی تایبەت پێشکەش بکات،وە پرۆسەکە دەگۆڕێت بۆ بەربەستێکی کارگێڕی و سەرچاوەی ئازاری زیاتر. وەك دایکی سێ پیاوی بێسەروشوێن باسی کرد: " جارێک باسی دیارنەمانی کوڕەکانم بۆ بەرپرسان ڕوون دەکەمەوە هەست بە نارەحەتی دەکەم و دەلەرزم و دەگریم و ئیتر خەوم دەزڕێت. هەموو هیوایەکم لەدەستداوە. ئێستاش، زۆر نەخۆشم. تەنها نوسراوو و کاغەز و هیچی تر ڕوونادات. ئێمە هیچ پشتیوانییەکمان نییە".

هەروەها زۆرێك لە قوربانییەکان ئاماژەیان بەو دووبارە قوربانیکردنە گەورەیە کردووە کە بەهۆی پراکتیزە بەربڵاوەکانی( ابتزاز)کردنەی دووچاری دەبنەوە. لەدوای دیارنەمانی کەسە نزیکەکانیان، زۆرجار ئەم خێزانانە لەلایەن کەسانێکەوە پەیوەندییان پێوە دەکرێت و داوایان لێدەکەن بڕە پارەیەکی زۆر بدەن لە بەرامبەر زانیاری و وێنە یان ڤیدیۆی کەسە نزیکەکانیان. وە سەرەڕای ئەم بەڵگانەش بێسەوشوێنیەکە هەربەردەوامە.

قوربانیانی دیکە باسیان لەوە کردووە کە چۆن داوایان لێکراوە بڕە پارەیەکی زۆر بدەن لە بەرامبەر ئازادکردنی ئازیزە بێسەروشوێنەکەیان. لە هەندێك حاڵەتدا بەڕاستی کەسی بێسەروشوێنبوو ئازاد دەکرێت.بەڵام زۆربەی جاریش پارەکە دەبرێت بەڵام کەسە ئازیزەکە هەرگیز دەرناکەوێتەوە. پێدەچێت ئەم جۆرە (ابتزاز) کردنە بەربڵاو بن و جێگەی نیگەرانی تایبەتن. وە پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و سزای خێرا هەیە.

هەروەها دووبارە بوونەوە قوربانی لە ئەنجامی ئەو هەڕەشە و تۆڵەسەندنەوە و تۆقاندنەوەیە کە قوربانییەکان دووچاری دەبن. هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی ڕێگریکەر و کولتوری ڕاپۆرتنەکردن دروست دەکەن، کە بەشدارە لە توانای دۆزینەوەی زۆرێك لە بێسەروشوێنبووەکان و دەربازبوون لە سزا.

بەم پێیە، زۆر گرنگە کە ڕێوشوێنی  قەرەبووکردنەوەی گشتگیربۆ قوربانییەکان بگیرێتەبەر، بە ڕوانگەیەکی ڕەگەزی و فرە کولتوری. جگە لەوەش، ڕەچاوکردنی کاریگەرییە قورسەکانی ئەم دۆخە گشتییە لەسەر منداڵانی کەسە بێسەروشوێنکراوەکان، لە پێشینەی کاردابێت.

هەروەها تۆڵەسەندنەوە و تۆقاندن کە بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و پارێزەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکەکانی دیکەوە بەدەستیەوە دەناڵن، بەتایبەت ئەوانەی کە چالاکانە بەشداری پرۆسەی گەڕان و لێکۆڵینەوەدا دەکەن. لەو ڕووەوە شاندەکە بەداخەوە لە ڕەشنوسی پرۆژە یاسای پاراستنی شایەتحاڵەکان کە لە ساڵی ٢٠١٥دا لە ژێر تاوتوێدا بوو، زیاتر پەرەی پێنەدراوە. پێویستە وولاتی ئەندام بەپەلە بەرنامەیەکی پاراستن جێبەجێ بکات، بە پلانێکی کارکردنی کۆنکرێت و واقیعی، و سەرچاوەی مرۆیی و دارایی گونجاو.

دەمانەوەی زیاتر ئەوە بخەینەڕوو کە هەر کەسێك کە زانیاری پێشکەش کردبێت یان بەشداری لە ئاڵوگۆڕەکان لەگەڵ لیژنەکەدا کردبێت، نابێت تووشی تۆڵەسەندنەوە ببێتەوە.

ئێمە ئاگادارین کە کیشەکە زۆر گەورەیە. هیچ سیستەم و میکانیزمێك بەبێ ئیرادەی سیاسی و بەشداری کاریگەرانەی قوربانیان و سەرچاوەی دارایی پێویست و ستافی شایستە و پابەند بۆ ئەنجامدانی گەڕان بەدوای کەسانی بێسەروشوێن و لێکۆڵینەوە پێویستەکان ناتوانێت سەرکەوتوو بێت.

لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە کە ئامانجەکانمان تەنها بەڵگەنامەکردنی دۆخەکە نییە بەڵکو دیاریکردنی ڕێگاکانی کارکردنە لەگەڵ دەسەڵاتداران و قوربانییەکان و ئەکتەرەکانی تر بۆ بنبڕکردن و ڕێگریکردن لە بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ.

لیژنەکە پابەندبوونی بێوچانی خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ بەردەوامبوون لە پشتگیریکردنی هەموو قوربانیانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، لە هەمان کاتدا داوا لە دەوڵەت دەکات پابەند بێت بە ئەرکەکانی بەپێی ڕێککەوتننامەکە. ئێمە متمانەمان بەوە هەیە کە ئەو ڕاسپاردانەی کە لیژنەکە لە مانگی ئازاری ٢٠٢٣ پەسەندی دەکات، بەپێی پێویست جێبەجێ دەکرێن و بەشدار دەبن لە چارەسەرکردنی تاوانی وێرانکەری بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ لە عێراق.

کۆتایی

بۆ زانیاری زیاتر و داواکاری میدیایی، تکایە پەیوەندی بکەن بە:

*In Geneva: Vivian Kwok al +41 (0) 22917 9362 / vivian.kwok@un.org*

*In Iraq: 24 November 2022*